شاخەوان عەبدوڵا: ئەرکی پەرلەمانی عێراق قەرەبووی کێسوکاری قوربانییانی ئەنفال بکاتەوە



جێگری سەرکی پەرلەمانی عێراق جەختیکردەوە،کە ئەرکی یاسایی و ئەخلاقیی پەرلەمانی عێراق قەرەبووی زیانلێکەوتوو و کێسوکاری قوربانییانی ئەنفال بکاتەوە.

ئەمڕۆ دووشەممە، فراکسیۆنی کوردستانییەکان یادی 37ـەمین ساڵیادی ئەنفالی دژی گەلی کوردیان لە نێو باڵەخانەی پەرلەمانی عێراق، کردەوە.

شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرکی پەرلەمانی عێراق بە نوێنەرایەتیی پەرلەمانتارانی کورد، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند "ئامانجمان لە یادکردنەوەی تاوانی ئەنفال بە ئەوە بوو، بەبیری ئەوانی ئێستا لە بەغدا دەسەڵاتدارن بهێنینەوە کە هەموو ئەو تاوانانەی دژەهق بە گەلی کوردستان کران، تەنها لەبەر شۆناس و ناسنامەی نیششتیمانیمان بوو کە کورد بوونە. ئێگەر تاوێکوو ئێستاش، عەقڵیەتێک مابێت لەسەر بنامەی شۆناس، دژایەتیی کورد بکات، دڵنیاین بەبیریان بهێنینەوە، پرسەی ئەنفال و هەموو ئەو کێمەکوژییانەی بە درێژایی مێژوو لە دژی گەلەکەمان کران، نەیانتوانی کورد لەناو ببەن و لە هەوڵەکانمان بۆ دەستخسنی مافە ڕەواکانمان بۆردەوام بووین و بۆردەوامیش

دەبین."

 جگری سەرکی پەرلەمانی عێراقوتیشی "بەداخەوە لە دوای تێپەبوونی زیاتر لە 20 ساڵ بەسەر ووخانی ڕژێمی بەعس، تاوەکوو ئێستە دەرهاوشتە و لکەوتکانی ئینفال لە کوردستان ماون و هیچ هەنگاوێکی جیددی و کردەیی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلکەوتوو و کەسوکاری قوربانییانی ئینفال، هاوشێوەی کەمکۆزیەکانی دیکەی (دژی گەلی کورد) نەنراوە؛ سەرەڕای ئەوەی ئەم پرسیە بۆ جینساید ناسنراوە."

شاخەوان عەبدوڵا دووپاتی کردەوە "ئێرکی یاسایی و ئەخلاقیی پەرلەمانی عێراق قەرەبووی زیانلکەوتوو و کەسوکاری قوربانییانی ئینفال بکاتەوە. لە بابەتی قەرەبووکردنەوەدا، بەرپرسیارێتیی هەرە گەورە لەسەر ئەستۆی حکوومەتی فیدراڵییە، لە هووی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییان، گەیاندنەوەی هەوفاتی قوربانییانی ئینفال و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان. ساڵی ڕابردوو، لە چوارچێوەی ماددەی 140 پرۆژەیەکمان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییانی ئینفال ئامادە کرد، بەڵام بەداخەوە تاوەکوو ئێستە دوای زیاتر لە 20 ساڵ، قەرەبوو نەکراونەتەوە."